نوسینە خوێناوی و پڕ لە تاوانکاریەکانی جەمال عەبدوڵلا

حزبی کۆمۆنیست بۆ وای بەسەرهات؟

جەمال عەبدوڵلا

-1-

-لەو کاتەوەی کە حزبی کۆمۆنیست باجی یاساکێنی خۆی وەرگرتووەو ڕاگەیاندنی هەندێ لایەنیان خراوەتە خزمەتەوە دەستیان کردووە بەهێرشێکی نارەوا بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی شەرعیی هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زوڵمێکی گەورەی لێکردبێو لەختو خۆرایی بیانووی پێگرتبێ.

*هەرچەندە حزبی کۆمۆنیستو نیازەکانی بەرامبەر بەخەڵکی عێراقو کوردستان لەمێژە دەرکەوتووە تەنانەت ئەو کاتەی کەلەژێر ناوێکی ترو بەشێوەی تر کاریان دەکرد بەڵام هەر هەمان زەعیمی ڕوحی! ئێستایان لەدووروەو لەتەختی ئەوروپای سەرمایەدارەوە! سەرپەرشتیی ئیشو کارەکانیانی دەکرد، هەر ئەو کاتەوە ئەوان لەسەنگەری دژی خەڵکدا بوونو تەنانەت ڕاپەرینەکەشیان بەهەڵچوونێکی کتوپڕ دایە قەڵەمو بەڵەی ئەوان مادام بەرامبەرەکە لەشەری کەندەڵی دووەمدا ئەمریکایە ئەوا دەبوایە خەڵك وردتر بوایەو تاکاداری حکومەتی ئێستای عێراق بوایە، چونکە ئەمریکا دەوڵەتە سەرمایەدارە ئیمپریالییە زەبەلاحەکەیە!

*ئەوانەی ئەو تێڕوانینەیان بەرامبەر بەراپەرین هەبوویێت بەهیچ شێوەیەك ناتوانن و نایانەوێت کە خزمەتی دەستکەوتەکانی ئەو ڕاپەرینەش بکەن، هەر بۆیە لەسەرەتای کارکردنیانەوە یەکەمین کاریان ئەوە بوو کەچۆن یەخەی حزبە ڕەسەنەکانی کوردایەتی بگرن و چۆن دژی دەستکەوتەکانی ڕاپەرین بجنگن.

*ئایلیتزامیی حزبی کۆمۆنیست لەم هەرێمەدا لەچی بریەوە دروست بوو؟ چۆن سەری هەڵداوە؟

ئایلیتزامیی ئەم حزبە لەو کاتەدا دروست بووو سەری هەڵداوە کەئەوان ئەوەیان نەدەشاردەوەو بەئاشکرا دەیانگوت کوردستانی عێراق بێ قانونو بێحکومەتە! ئەنانەت بۆ دواجار لەم دەڤەردەو ڕۆژی 7/7/2000 تاهێو حەسەن وتارێکی لەهەڵچەی تازە خوێندبووەوەو تیایدا گوتبووی(ئەم کۆمەڵگایەی کەپێی ئەڵێن کوردستانی عێراق کۆمەڵگایەکی بێ قانونو بێحکومەتە، بێ قانونی بەو مەعنایەی کە هیچ قانونێك لەم وڵاتەدا لەئارادا نییە!)

جاری سەیر کەن کاك تایەر وەك ئەوەی سوێندی خواردبێ، یان زمانی مووی لێهاتبێ خۆی ئاڵێ کوردستانی عێراق بەڵکو دەڵێت: ئەو کۆمەڵگایەی کەپێی دەڵێن کوردستانی عێراق، سەیر ئەوەیە کە وتارەکە لەژێر ناونیشانی(جیابوونەوەی کوردستان تەنها ڕێگاچارەی خێرایە بۆ کۆتایی هێنان بەوزعییەتی کوردستان)دایە. باشە ئەگەر خۆتان بەزمانی خۆتان دان نانێن بەوەی کە نێرە ناوی کوردستانی عێراقو بەڵکو دەڵێن وای پێدەڵێن، ئەی ئیتر ناونیشانی ئەو وتارە چیەو کێ دایناوە؟ئاخر هەر حزبێك کەئیرادەی نەمابێو (مسیر) بێت تەك (ئەو)وەك حزبی کۆمۆنیستو تایەری لێدێت.

*باشە چۆن دەکرێت حزبێك بەئاشکرا بڵێت ئێرە قانونو حکومەتی تیا نییە بەڵام داوای ژیانی سیاسیی ئاشکراو چالاکیی سیاسیی قانونییانەو پارەمەتیو (منحەی حکومییش بکات! باشە ئەگەر هەر ئەمساوەو دەڵێن حکومەت نییەو قانون نییە ئەی لەسەر چ ئەساسێك مانگانە 50000 دینار پارەمەتیتان وەردەگرت؟

لەسەر چ ئەساسێك 3بارەگاتان لەگەڕدی عەلی ئاجیو کارەباکەو گەڕدی بەختیاری کردیوە؟

لەسەر چ ئەساسێك دەهاتنە بەردەم وەزارەتی ناوخۆی حکومەتیی شەرعیی هەرێمو داوای ناوو کارەباو خەتی تەلەفۆنتان دەکرد؟ لەسەر چ ئەساسێك وژنامەتان دەردەکرد ؟ لەسەر چ ئەساسێك ڕادیۆتان دانابوو؟ لەسەر چ ئەساسێك کۆڕو کۆبوونەوەو میتینگ-تان دەگرت؟ لەسەر چ ئەساسێك سەردانی دادگاو ئاسایش-تان دەکرد بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکانتان؟ ئایا هەموو ئەمانە لەژێر فشاری ئەو 20 کەسەی بەردەمی وەزارەتی ئاوخۆدا بوو کەلەحکومەتی هەرێمتان کۆکردبۆوە یان لەژێر فشاری ئەو 278 دەنگە بوو کەلەهەڵبژاردنی شاروانییەکان بەدەستتان هێنا؟!

*ئەوەی پێش هەر شتێك دان بەشەرعییەتی حکومەتی هەرێمدا نەنێت کە دانانە بەئیرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستان، ئەوەی دان بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-دا نەنێت وەك حزبێکی گەورەو بەسەنگو کاریگەری کوردایەتی، حەقی ئەوەشی نابێت کە داوای کاری سیاسیی عەلەنیو دانانی بنگەو بارەگاش بکات ئەنانەت لەدەروەی شاریش!

ئینجا ئەگەر حکومەتی هەرێمو یەکێتیی بیێان گوتون بارەگاکانتان بەرنە قەراغ شار زۆر خاتری گرتوونو زیاد لەپێویستیش نەرم بووە لەگەڵتان! ئەج شوێنێك، لە چ جێگایەکی ئەم دنیایەدا ئەوە هەیە داوای دابینکردنی هەموو مافە سیاسیو مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکان بکەیت بەڵام دان بەحکومەتی ئەو جێگایەو قانونەکانیدا نەنێیت، حزبی کۆمۆنیست هەندێ برادەریان لەئەوروپای سەرمایەدارا هەیە.

دەتوانن لێیان بپرسن بزانن ئەو سەرکێشیو چوونە بورجی عاجە، ئەو یاسا شکێنیو بێ یاکیی یە لەکوێ قابیلی قبوڵە، کام برادەریان لەو برادەرانە حکومەتو قانونی ئەو وڵاتەیان فرامۆش کردووەو ڕێزیان لێنەگرتووە لەبەرامبەردا حکومەت گوێی پێنەداونو لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکردوون؟و پێیان گوتون قەینەکا(دنیا ئازادەو هەرچی دەکەن بیکەن!؟ ئەگەر یەکێك لەو برادەرانە لەئەوروپای کاتگای دیموکراسیو ئازادیدا لێیان قبوڵ کرا نوتزمبیلێك لێخوڕێ بێ ئەوەی ئیجازەی شوفێری پێبێو تووشی لێپرسینەوە نەهات قەینەکا یایێن ئێرە لەناوجەرگەی شاردا ئەك 3 بارەگا بکرە بەدلی خۆیانو هەر گەڕەکەو بارەگایەکی لێدابنێن، ئەگەر ئیجازەی شوفێری بەقانون بێت، ئەگەر لێخوڕینی نوتزمبیلێك بە مۆڵەت بێت، چۆن دانانی بارەگا بێ مۆڵەت دەبێت؟

قەڵەمە گرگنەکانی کۆمۆنیست

-2-

جەمال عەبدوڵلا

*ئاقمە دروستکراوو سەرلێشێواوەکەی بەئیستلاح حزبی کۆمۆنیست ژمارەیەکی تریان لەنەشر، ئایاساییەکەی خۆیان(بۆ پێشەوە) یان ڕاستتر (بۆ پاشەوە) دەرکردو لەمەشیاندا هەرقانون شکێن بوونو هەروەك چۆن گەکردنەوەی بارەگاکانیانو گرتنەدان بەدوورخستنەوەی ئەو بارەگایانەدا حورمەتی قانونیان نەگرتو خۆیان کرد بەو پەندەی کەکەس حەسوودیان پێنایات.

*خەڵکی ئەگەر لەئەنجامی هەڵەو سەرەڕۆیی خۆیدا تووشی هەڵتووتانی گەورە هات، پاش ماوەیەك دێنەوە سەرخۆیانو حسابو کتێبی ئەوە بۆ خۆیان دەکەن و هەرگ دەدەن دەرس و عیبرەت لەو هەڵانەی خۆیان وەرگرن بکەونەوە سەر ڕاستەڕێ هەڵەو کەموکوڕتییەکانیان ببێن یان هیچ نەبێت بەرەو کەمبوونەوەی بەرن، کەچی ئەو ئاقمە دروستکراوە سەرلێشێواوە بەپێچەوانەی ئەم سوننەتەوە هەروەك جاری جاران شەمڵ کۆترم ئایوترەو بەشێوەیەکی موتڵەق لەو نەشرەیاندا کۆمەڵێك بوختانو ناوناتۆرەو درۆو دەڵەسەیان خستۆتە شوێن ئەو قەڵەمانەی کەخاوەن هەڵوێستی ئەبەرامبەر مەسەلە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی خۆیاندا، کۆمەڵێك بوختانیان خستۆتە شوێن ئەو قەڵەمانەی کەوەك ئەوان ژەهر ئاتفێننە سەو کوردایەتیو مەسەلە ڕەواکەی خەڵکی کوردستان، کۆمەڵێك بوختانیان خستۆتە شوێن ئەو قەڵەمانەی کەوەك ئەوان بەشەرمەزاریی نازانن ئەگەر لەسەر کوردایەتی بنووسنو لەبەرامبەر ئاقمە دروستکراوو سەر لێشێواوەکەی مەنسوری بێگانە بەکوردەدا دەنگ هەڵبێنو دەستو قەڵەمی لێخەنەکارو ئەو ڕاستیانە بۆ خەڵك ڕوونبکەنەوە کەئەوانە بەڕاستی چ مەعدەنو چ مالێکن؟!

*ئەو قەڵەمانەی کەئەوان لەوئەشرە قاچاخە بێسەروبەرەی خۆیاندا باسیان کردووە، جاری کاك فەرید ئەسەرد ئەوە تووسەری شاخەو ئەك هەریەعسی نەبووە بەڵکو لەو سەنگەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بووە، ئەو یەکێتییەی لەدژایەتی داگیرکەرانی کوردستاندا ئەو شەرەفە گەورەیەی پێبراوە کەتەك هەر ئەو ئاقمە دروستکراوو سەرلێشێواوەو قەڵەمە گرگنەکانی (بۆ پێشەوە) بەڵکو کەم کەمیتر بەو ڕادەیەی یەکێتیی ئەو شەرەفە گەورەیەیان پێبراوە، ئەو ئاوانەی تریش کەلەوئەشرەیدا هاتوون ئەو قەڵەمە گەنج و تازە پێگەیشتووانەن کەبەهوشیاریو هەستکردن بەمەسئولیەتی مێژوویی سەرشانیان ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن و قەڵەمی دوای ڕاپەرینن و فریای ئەوە نەکەوتوون! گەمو عایەشی بەعس بکەن و بێ بەعەسیو بۆیان بنووسن باڵەو قەڵەمە گرگنانەی کۆمۆنیست بچن لەمەنسور ئاغای زەعیمی ڕوحیی خۆیان بپرسن بزانن کێ ئەك هەریەنووسێن بەڵکو بەشتی تریش! خزمەتی بەغدا دەکات، قەڵەمە بەهەڵنیستەکانی ئێرە یان مەنسور ئاغار قەڵەمە گرگنەکانیان؟!

*سەبارەت بەهەرشەکانیشتان لەو قەڵەمانە ئەوە ئیشانەی ئەو ئازادیو بەرابەرییەیە کەچەندین ساڵە مەنسور ئاغا خۆلی پێدەکاتە چاوتانو ئێوەی پێتەخدیر کردووە!.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ وای بەسەرهات؟

-3-

جەمال عەبدوڵڵا

*حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چونکە بابەتییانەو بەپێی زەروورەتی مێژوویی دروست نەبووە، چونکە لەناو خەڵکی کوردستانی عێراقدا نەگەییوون، چونکە خەڵك پێویستیی پێیان نەبووە، چونکە بەبڕیاری جەنابی مەنسوری حیکمەت دروست بوون، نەك هەر بەرنامەکەیان، نەك هەر پێڕەویان، تەك هەر بیروبۆچوونو لێکدانەوەکانیان، نەك هەر هەڵسوکەوتەکانیان بگرە سەروزمانی قسەکردنو تاکاوتنیشیان ئەوەندە غەریب بووە، ئەوەندە دوور بووە لەو خەڵکەی کەئەوان بەحسابی خۆیان خەباتیان بۆ دەکەن، کەخەڵك لێیان تێنەگەیشتوونو نەیانزانیوە دەڵێن چیو چییان دەوێت؟ تەنانەت ئەو کاتەی مەنسور لەناو حزبی کۆمۆنیستی ئەودیودا بوو پێش ئەوەی دەگە گەورەکە ئەسازمانی کوردستانی ئەو حزبە بدات و بەشێکی زۆری ماڵو موتەلەکاتی ئەو سازمانە بدزێو تێی تەقێنێ بۆ ئەوروپا، هەندێ گەنجی خوێن گەرمو عەسکەری فیداری لێرە هەڵخەڵەتاندبوو کەوەك تووتی قسەکانی ئەوی دەگوتەوە، بێ ئەوەی حسابی ئەوە بکەن کەئەم قسانە تاچەند لێرە جێیان دەبێتەوەو چەندە ڕەواج پەیدا دەکەن و نیازی هەبوو لێرەش بەهەمان ئەو بەرنامەو دروشمە ڕەوتەقدارانە، هەم وەك ئەوەیو دەگەی نامەردانە لەحزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ئێرەو بەتایبەت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-پش بدات و دوای ئەوە ئینجا سۆسیالیزمو حکومەتی کرێکاریی لەبەغدا دامەزرێنێو خەڵکی بەش مەینەت ڕزگار بکات چونکە سازمانە کوردستانییەکان ئەو زنجیرەیان کردبووە دەستوپێی خەڵك کە لەدوادێری مانیفێستدا باسکراوەو مەنسوریش دەیپساندو خەڵکیش بێجگە لە زنجیرەکانیان هیچ شتێکی تریان لەدەست نەدەدا!

*هەرچەندە مەنسور توانی بۆماوەیەك لێرە هەندێ هێڵکە بکات بەڵام چونکە خراپ لەسەری کرکەوتبوو بەشی هەرزەریان پیس دەرچوونو ئەوبەشەشی کەماناوە ئەو بەشبوون کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان لێپێکهێنراو ئەو جوجەڵانەی لێدەرچوو کە گۆشتیان نەدەخوارا.

*کاری سەرەکیی ئەم حزبە دروستکردنی ئاژاوەو پشێویو جێتودان بوو بەحزبە کوردستانییەکان بەتایبەت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك ئەوەی مەنسوور ڕێبوارو نامك ئەمجەدو تایەرو عەبدوڵڵاو خەسرەو، شوباتی 1917 یان لەبەغدا بەڕەزار کردبێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-پش کرنسکی یان لەحکومەتە بورژوایییەکانی دیوی قەوقازییە! و هەموو سۆسیالیزم 8 مانگی مایێت بۆ ئەوەی بگاتە لوکتوبەری 1917و یەکێتی ئاهێڵێت ئەو نۆکتوبەرە بێت!

*ئەو پشێویو ئاژاوەیە بەشێوەیەك بەسەر زەینی خەڵکانی سەرەوەی ئەو تاقمە دروستکراوە سەرلێشێواوەدا ژاڵ ببوو کەجیاوازییان نەدەکرد لەنێوان کرێکارانی توانەوەی پۆڵا لەمۆسکۆو کرێکارانی مەعمەلی خوێی بازیان! جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان کرێکارانی دروستکردنی ڤالڤۆی سویدیو کرێکارانی مەعمەلی ئاتەقەیسی یەکەی بەرخانەدا! ئەو پشێویو ئاژاوەیە بەشێوەیەك بەسەر زەینی خەڵکانی سەرەوەی ئەو تاقمە دروستکراوە سەرلێشێواوەدا ژاڵ ببوو کە ئەگەر یەکێکی نەشارەزا لەشارێکی وەك سلێمانیدا بەشەو بگەیشتایەتە ئێرەو سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر سەعات 7 و پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە گوێی لەرادیۆکەیان بگرتایە وای هەست دەکرد کەئەگەر بچێتە دەرەوە دوکەڵی کارگەو فابریقەی گەورە بەری ئاسمانی ئەم شارەی گرتووەو دەبێت دەست بەدەمو لووتییەوە بگرێتو سەدان هەزار کرێکاریش پاش چەند سەعاتێکی تر دەڕژێنە سەرجادەکانو هێڵی شەمەندەفەرکانلر جەیشی سوورییش لەپێشیانەوەو ئێستا ئانێستا دەقەومێ! و (عشرة أيام هزت العالم) دووبارە دەبێتەوە! ئەگەر ئێستا ئێمە لەژیاندا بمایە ئاخۆ بۆچوونو هەڵسوکەوتەکانی ئەو پاشاگەردان و سەرلێشێواوانە وایان لێنەدەکرد کەبەشێکی تر بۆ کتێبەکەی (بصدد الكاريكاتير عن الماركسية...) زیاد بکات؟!

دیسان ئەو پشێویو ئاژاوەیە بەشێوەیەك بەسەر زەینی خەڵکانی سەرەوەی ئەو تاقمە دروستکراوە سەرلێشێواوەدا ژاڵ ببوو کە ئەنانەت ئەندامە باڵاکانیشیان هیچ یەکێکیان ئاگایان لەوی تر نەبوو کە، چی دەڵێو چی گوتووە، فەرموون سەیری ئەم ئوونەیە بکەنو بزانن کە هەریەك لەتایەر حەسەنو نامك ئەحمەد کەهەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسین، بزانن چەندە ئاگایان لەیەکترە، بزانن لەئەفامی سەرگەردانیو سەرلێشێواوی خۆیان (ئەك کۆمەڵگای کوردستان). چۆن بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن هەریەکەیان ئەوی تر بەدرۆدەخاتەوە، بزانن چۆن هەریەکە لەئاشێك دەڕێسن.

2000/7/7 تایەر حەسەن لەهەڵەبجەی تازە دەڵێت (ئەم کۆمەڵگایە "مەبەستی کوردستانی عێراقە" بێقانوونو بێ حکومەتە)

7/10 نامك ئەحمەد بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوەو تیایدا دەڵێت: (ئەم وڵاتە حکومەتی دەنگێپێدراوی خەڵکی تیا نییە)

ئینجا سەیرکەن ئەلایەك تایەر دەڵێت ئەم کۆمەڵگایە بێ حکومەتە واتە حکومەتی تیا نییە 3ڕۆژ دوای ئەوە نامك دەڵێت حکومەتی دەنگێپێدراوی خەڵکی تیا نییە! واتە حکومەت هەبە بەڵام حکومەتەکە خەڵك دەنگی نەداوەتێ!

*دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەك حزب لەمەسەلەیەکی ئاوا گرنگدا یەکتر ئاوا!! لێبکەن نیشانەی چییە؟

هەرچەندە تایەرو نامك هەردووکیان دژیان کردووە چونکە ئەم کۆمەڵگایە حکومەتی تیایەو ئەسایی ئەم حکومەتەو شەرعییەتەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنە نازادەکەی 1992/5/19 کە هەموو دنیاو دژستو دوژمن بینیان بەڵام دەڵێی چی کە ئەوان لەناستیدا ئۆپەلێك قوڕ دراوە بەچاریانداو دان پیاتانی بەهەتککردنی خۆیان دەزانن.

ئینجا حزبێك ئەوەندە شیازە تێکچوو پشێوحاڵو سەرگەردان و ئاژاوەچی بێت هەق نییە ئاوای بەسەر بێت؟!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

بۆ وای بەسەرهات؟

جەمال عەبدوڵڵا

-4-

*چونکە حزبی کۆمۆنیست پشتی بە تایدۆلۆژیایەکی شمولی بەستووە، چونکە بروای بەحوکمی یەك چین هەبە، چونکە ئیرادەی ئەو چینەش لەئیرادەی هەمیشەتیکدا کۆکراوەتەوە کەپێکهاتووە لە ڕێبوارو نامك و موحسینو ئەمجەدو عەبدوڵڵاو خەسرەو، چونکە ئیرادەی ئەم براەرانەش هەموویی لەزەوق و سەلیقەی مەنسوری حیکمەت دا تەرکیز کراوەتەوە، ئەوا ئیتر ئەو قەناعەتەیان لا دروست بووە کە هەموو ئەوانەی لەدەرەوەی ئەو هەیئەتەدان و دوورن لەسەلیقەی مەنسور خەڵکی زاڵمو چەوسێنەرن و ئەم دنیا پیچەوانەیەش بەو هەیئەتەو مەنسور نەبێت زۆرەزۆرو ناکرێتو ڕاست نابێتەوە!

هەرلێرەشەوە، ئەم قەناعەتە ئەولیانەیەوە دەیانەویت ئەوان ئەوە بۆ یەکێتیو حکومەتی شەرعیی هەرێم دیاری بکەن کەکێن لەکوردستانی عێراق بنکەو بارەگای هەبێو کێ نەیبێو ئەوەی ئەوان پەسەندیان کرد لێرەبێو ئەوەی ئەوان پەسەندیان نەکرد خەڵکی گومانلێکراوەو نابێت لێرە بێ!

ئەوەتا ڕادیۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ڕۆژی 2000/7/4و سەعات 8.20 سەرلەبەیانی لەناو بایەتێکیدا کە لەژێر ناونیشانی (ئایا بەڕاستی هەڵوەسەرجی سیاسی کوردستان ئاوامەو ئەمینە) بڵاوکردۆتەوەو تییدا دەڵێت (ئایا دەیان بارەگاو بنکەی موخابەراتی وڵاتانی ناوچەکە لەکوردستاندا مۆڵگەیان نییە؟)

*ئەو تاقمە دروستکراوە سەرلێشێواوە چونکە لە مەسەلە دیلۆماسییەکانیشدا بێئاگاو هەناسە سواردە ئەنگە ئەفسەن، چونکە عەقڵییەتی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییان لەمەسەلەکانی گفتوگۆو دانوستان و مەسەلە دیلۆماسییەکاندا هەبە، ئەوە ئازانو ئاگایان لێنییە کەئەك هەر لەکوردستانی عێراقو لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی شەرعیی هەرێم بگرە لەسەر ئاستی هەموو دنیاو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەوە فکری بەرژەوەندیی هاوبەش باڵی بەسەر دنیای پەیوەندییەکاندا کیشاوەو جێگای بەفکری بەرژەوەندییە ئەتەوەییە موتلەقەکان کەپێش سەدەی بیست بەردی هەبوو چۆڵ کردووەو ئەم گۆڕانە نوێیەش هەڵوەسەرجە نوێیەکان کردووە ئەم شەوەرە نوێیەی نیوان گەلان کەدان دەنێن بەهوونی چەندین گەنو ئەتەوەی جیاجیاو هەرەکیکیشیان بەرژەوەندی خۆی هەیەو کاروباری هیچ کام ئەم گەلو ئەتەوانەش بەشێوەیەکی باشو ڕیکوپێك ناروات بەرەوە ئەگەر هەرەکیکیان ڕیز لەبەرژەوەندییەکانی ئەوی تر نەگرێتو لەنزیکەوەو بەبەرەوام ئیحتیکاکیان لەگەڵ یەکدا نەیێو ئاگاداری یەکتر نەبێو هەر ئەمەش بوو کەوای کرد فکری مافە ئەتەوەییەکە موتلەقەکان بگۆڕێ بەفکری یەکسانیو هاوسەنگیی بەرژەوەندییە ئەتەوەییەکە جیاجیاکان

ئینجا ئەو تاقمە دروستکراوە سەرلێشێواوە ئاگاداری ئەم گۆڕانە نین کە سەدەیەکە! ڕوویداوە حزبێك خۆی بەپێشڕەو بزانێو هەیئەتەکەی خۆی بە ئینتلجنسیا بزانێتو بەحسابی خۆیان خەڵك لەوان فیری هۆشیاری بێتو هۆشیاری لەوانەو بپەرێشەوە، بۆ خەڵك کەچی ئەو هەیئەتە خۆی لەمەسەلەیەکی ئاوادا 100 ساڵ لەدواوە بێت! ئاخەرین أصحاب الكهف نەبێتو ئەوە حالت بێت!

*ئەو تاقمە دروستکراوە سەرلێشێواوە دەڵین وڵاتانی ناوچەکە بنکەو بارەگایان لێرە هەبە.

هەر لەبیرەدانی ئەو تاقمە دەپرسین باشە دەکرێ یەکێتی مەکتەبی لەتاران هەبێت بەڵام تاران لێرە نەبێن؟! دەکرێ یەکێتی مەکتەبی لەئەنقەرە هەبێت بەڵام ئەنقەرە لێرە نەبێن؟! دەکرێ یەکێتی مەکتەبی لەدەمەشق هەبێت بەڵام دەمەشق لێرە نەبێن. ئەوەچ عەقڵییەتێکە؟ ئایا مەنسوورو مەنسوورییەکان، تایەرو تایەرییەکان، ئاسلەو ئاسکەییەکان! دەیانەویت لەم سەرەمەی عەولەمەو ئینتەرنێتو فۆتۆکۆپی گیانلەبەراندا خۆیانمان لێبکەن بە ئەتەوەخواجەو کوردستانیش بەتەنیایو کەس مەرحەبامان نەکاو مەرحەبای کەسیش نەکەین؟! خۆ ئەگەر بەو مەنتقە ئیش بکرێت دەبێ هەرچی سەفارەتو مەکتەبەکانی پەیوەندیو قونسوڵییەکانی ئەم دنیایە هەبێ هەر هەموی لابچێو لابچێت و تەنها ئەوانە بهێڵرێنەوە کە ئەو تاقمە دروستکراوو سەرلێشێواوە بەگومانلێکراوی نازانن (کەچی خۆیان لەئەساسدا گومانلێکراون!) باشە بۆچی داوایەکی وەها لەبەغدا ناکەن؟! یان هەر گەریان ئالاندۆتە ئەم ناوچەیەی کە یەکێتیو حکومەتی شەرعیی هەرێمی لێیەو وەك ئەوەی بەڕەکە لێرە چوێبێتەوە!

*سەیر ئەوەیە ئەو تاقمە دروستکراوو سەرلێشێواوە بەپێی دیمۆکراسییە ئەوڵییەکەی خۆیان ئەك هەر بەرامبەر بەدەرو دراوسێ بەڵکو بەرامبەر بەمشکێکی زۆر لەحزبەکانی ناوکۆمەڵی کوردستان ڕایان وایە کەتەنها لەبەر بیریاوەریان دەبێت قەدەغە بکرێو نەهێڵرێت ئیش بکەن ئەم داوایەیان بەردەوام لەبەکێتی دەکرد کەچی داوای نازادی بێقەیدوشەرتی سیاسیشیان دەکرد! سەیری ئەو ئینتیهازییەتەی ئەو تاقمە بکەن:-

کەمەسەلەکە پەیوەندیی بەکاری سیاسی خەڵکانی ترەوە هەبێ ئەك هەر داوای نازادی بێقەیدوشەرتییان بۆ ناکەن بەڵکو داوای ئیلغاکردنەوەو نەهێشتنیان دەکەن کەچی کەپەیوەندیی بەنازادیی هەڵسوڕانی خۆیانەوە هەبێ داوای نازادی بێقەیدوشەرت دەکەن! حزبێك هێشتا دوو لانکەزۆرو لاوازەیك بێت، حزبێك هێشتا ئەمەرەوەی دەسەڵاتبێت داوای ژیان بۆ خۆی ئیلغاکردنەوەی خەڵکی تر بکات، ئاخۆ ئەگەر خاوەنی جەیشو پۆلیسو مەحکەمەو باتلو فرۆکەخانەو سجنو چەلەو ئاسایش بن دەبێت چیبکەن؟

ئینجا حزبێك ئاوا لەئەقیوەتدیبیە دقرەکییەکان، کاری دیلۆماسی طقیشتباً، حزبێك ئاوا لەئازادیو دیمۆکراسی طقیشتباً حقق نیە ئاوای بەسەر بێت؟!

تکرار